# بۆ گه‌یاندنی داخوازییه‌كانی گه‌لی كورد به‌ دنیا

## خۆپیشاندانێک له‌ ستۆكهۆڵمی پایته‌ختی سوێد ساز ده‌كات

## كاتژمێر 14.30 Sergelstorg 2004/1/17

فیدراسیۆنی كۆمیته‌كانی به‌ره‌و ڕیفراندۆم له‌ سوێد له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌ كورد و كوردستانییه‌كان،بۆ گه‌یاندنی داخوازییه‌ ڕه‌واكانی گه‌لی كورد به‌ دنیا و له‌ پێناوی پێكه‌وه‌نانی قه‌واره‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ له‌ باشووری كوردستاندا، له‌سه‌نته‌ری شاری ستۆكهۆڵم، خۆپیشاندانێک ساز ده‌كات و، داوا ڕه‌وا و هه‌نووكه‌ییه‌كانی ده‌بن به‌ دروشمه‌كانی ئه‌و خۆپیشاندانه‌ .

- كه‌ركووک كوردستانه‌ .
- ده‌بێت كوردستان ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی هه‌بێت.
- ده‌بێت كورده‌ ڕاگوێزراوه‌كان و ده‌ركراوه‌كان(فه‌یلییه‌كان) بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ زێدی خۆیان.
- كورد ته‌نیا خۆی مافی بڕیاردانی چاره‌نووسی خۆی هه‌یه‌ .

شایانی خۆشحاڵییه‌ كه‌ بۆ ڕاگه‌یاندنی هاوده‌نگی و ته‌بایی گه‌له‌كه‌مان و سووربوونمان له‌سه‌ر داخوازییه‌ ڕه‌واكانمان، كۆمیته‌كانی ڕیفراندۆم له‌ ده‌یان شاری گه‌وره‌ و پایته‌خته‌كانی وڵاتانی ئه‌ورووپا، هاوكات خۆپیشاندان ده‌كه‌ن. ئاماده‌بوونی هاوڵاتییانی كوردستانیی له‌م خۆپیشاندانه‌دا زۆرگرنگه‌ و، له‌م ساته‌ چاره‌نووسسازه‌دا كه‌ بۆ باشووری كوردستان هه‌لێكی گونجاو له‌ ئارادایه‌، ئه‌ركی هه‌موو كوردانی دنیا و به‌شه‌كانی كوردستانه‌ له‌م چالاكییانه‌دا به‌شدار بن و له‌ دروستكردنی قه‌واره‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ بۆ كوردستان ڕۆڵ و كاریگه‌رییان هه‌بێت. كوردستان مافی به‌سه‌ر هه‌موومانه‌وه‌ هه‌یه‌ و، با كه‌سمان له‌ ئه‌ركی نیشتیمانی و نه‌ته‌وه‌یی خۆمان دوانه‌كه‌وین. قه‌واره‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ له‌ باشووردا ده‌بێته‌ قه‌ڵایه‌كی قایم بۆ به‌شه‌كانی تری كوردستان . ده‌با ئه‌مڕۆ هه‌موومان له‌ بنیاتنانی ئه‌و قه‌ڵا قایمه‌دا به‌شدار بین.

فیدراسیۆنی كۆمیته‌ی به‌ره‌و ڕیفراندۆم له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌ كورد و كوردستانییه‌كان